# سیستمی گەیاندن لە زماندا

سیستمی گەیاندن لە زمانی مرۆڤدا کردەیەکی ئاڵۆزەو پێویستی بە چەند یەکەیەك هەیە بۆ ئەوەی تێگەیشتن ڕوو بدات ، سەرەتا نێرەر بیرێکی لا دروست دەبێت دوایی وەریدەگێڕێتە سەر هێمایەك کە لای( وەرگر) ئاشکرا بێت بە کەناڵێکی پەیوەندیدا بۆ وەرگر دەنێردرێت ئەویش بە گوێرەی پێویست لێکی دەداتەوەو تێگەیشتن ڕوودەدات

یاکۆپسن ئەم شەش یەکەیەی بۆ ئەنجامدانی کردەی گەیاندن دیاری کردووە:

نێرەر: قسەکەر یان خاوەنی پەیام ئەو کەسەی دەیەوێت بیرۆکەیەك یان پەیامێك بگەیەنێت .

وەرگر: ئەو کەسەی کە پەیامەکە وەردەگرێت.


هێما: ئەو کۆدە دەربڕاوانەن کە نێرەر و وەرگر لەسەری ڕێککەوتوون .

گونجاو کە بابەت : ئەو بیرەیە کە نێرەر دروستی دەکات پاشان وەری دەگێڕێتە سەر هێمایەکی وەرگر تێی بگات

پەیام: ناوەرۆکی قسەکردن کە هەڵگری واتاو مەبەستێکە.

کەناڵ: ئەو پشتێنە پەیوەندیەیە کە دەنگەکان دەگوازێتەوە وەك( ڕادیۆ- تەلەڤزیون ) یان نوسراوە وەك( گۆڤار- ڕۆژنامە و کتێب)  کەواتە کەناڵ  هۆی گەیاندنە لە نێوان وەرگر و گوێگردا.

سیستمی گەیاندن کاتێك سەرکەوتوو دەبێت ئەگەر وەرگر لە مەبەستی نێرەر بگات و شارەزای کەلتوری یەك بن مرۆڤ لە باری ئاساییدا دەتوانێت لە خولەکێکدا لە 250 وشە بگات.


نێرەر
پەیام
هێما
بابەت
وەرگر
بیرو باوەر-
بۆچونەکان-
نزیکی
لەکەسەکەوە-
لایەنی
فیزیکی و
بایەلۆژی-
رەگەز-تەمەن-
دەوروبوری
کۆمەلایەتی-
باری ئابوری
وکەلتور .....